
نێچیرڤان بارزانی پیرۆزبایی ئاستەی بزووتنەوەی گۆران دەکات



نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە یادی 15 ساڵەی دامەزراندنی بزووتنەوەی گۆران دا، پیرۆزبایی ئاراستەی عومەر سەید عەلی، رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆران و هەردوو جڤاتی نیشتمانی و گشتی و ئەندام و لایەنگرانی بزووتنەوەکە کردووە دەڵێت، لەم یادەدا پێزانینم بۆ خەباتی دیاری بزووتنەوەی گۆران لە ژیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان و پرسەی سیاسیی عێراقدا دەردەبڕم، هەروەها بە رێزەوە لە هەوڵ و کۆششەکانی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی هەرێمی کوردستان دەڕوانم.

دڵقی پیرۆزبایی نێچیرڤان بارزانی بۆ بزووتنەوەی گۆران، لە یادی پازدەیەمین ساڵەی دامەزراندنی بزووتنەوەی گۆراندا، پیرۆزبایی لە بەڕێز عومەر سەید عەلی و بەڕێزان هەردوو جڤاتی نیشتمانی و گشتی و تەواوی ئەندامان و لایەنگران و جەماوەری بزووتنەوەی گۆران دەکەم، هیوای سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی بەردەوامیان بۆ دەخوازم.

وەڵای داکۆکی لە گرنگی و پێویستیی هاریکاریی هاوبەش و هەماهەنگیی هەموو لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی کوردستان لەپێناو ئاستا و داهاتوویەکی باشتردا بۆ هەرێمی کوردستان، لەم یادەدا پێزانینم بۆ خەباتی دیاری بزووتنەوەی گۆران لە ژیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان و پرسەی

سیاسیی عێراقدا دەردەبڕم، هەروەها بەڕێزەوە لەهەوڵ و کۆششەکانی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی هەرێمی کوردستان دەوانم.